# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو کاریگەریی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجانی شاری سلێمانی

(توێژینەوەی هەڵهێنجێنراوە لە نامەی ماستەر)

چیا انور حمه كريم
chya.anwar25@gmail.com
بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی

پ.ی.د.جوان جلال الدين محى الدين
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/٢١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/١٣

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی دیارترین ئەو کاریگەرییانەیە، کە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجانی شاری سلێمانی دروست دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانەو تیایدا میتۆدی ڕوپێوی بۆ سامپڵێک لەگەنجانی شاری سلێمانی بەکارهاتووە، کە ژمارەیان (٣٠٠) گەنجەو بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون، هەروەها فۆرمی ڕاپرسی بۆ گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

توێژینەوەیە گەیشتوتە کۆمەڵێک دەرەنجام، گرنگترینیان: (بەشێکی دیاری گەنجانی شاری سلێمانی بەڕێژەی بەرز تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بابەتەکانی خێزان زیاتر لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جێی گرنگیدانو بایەخ پێدانی گەنجانە، هەروەها ڕادەی ڕەنگدانەوەی پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، فەیسبووک پێشەنگەو زۆرترین ڕەنگدانەوەی لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە، لەکۆتاییدا سامپڵی توێژینەوەکە بۆچوونیان سەبارەت بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان هەمەجۆرو هەمە ڕەنگە، بەڵام لەدەستدانی متمانەی کۆمەڵایەتی ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتووە).

**کلیلە وشە: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کاریگەریی، بەهای کۆمەڵایەتی، گەنج، شاری سلێمانی**

**پێشەکی**

بابەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان لای توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە کە گەنجانە، بووەتە باسێکی گرنگی ڕۆژ، بەجۆرێك دەکرێت لەهەر کاتێکدا بێت توێژینەوەو بابەتی لەسەر بنووسرێت، چونکە گۆڕانکارییو کاریگەرییەکان بەشێوەیەکن قەبارەیەکی بەرچاو لەگۆڕانکاریی لەبەها کۆمەڵایەتییەکان ڕوودەدات، گۆڕانی بەهاکان لەکۆمەڵگەداو بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا، جێگەیەکی زۆری لەبیرکردنەوەی توێژەرانو بیرمەندان لەبواری زانستە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتییەکاندا گرتووە، چوارچێوەی بەهاکان لەکۆمەڵگەدا، لەهەر قۆناغێکی پەرەسەندنیدا، (وەرگرتنی بەهاکانو گۆڕانیان بۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا دەرکەوتوون). ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە (کێشەی

sjh@univsul.edu.iq

توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، گریمانەی توێژینەوەکە، جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە، سنووری توێژینەوەکە، ڕاستیو جێگیری توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمکەکانەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکانی پێشوو خراوەتەڕوو)، بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکەیە لەباسی یەکەمدا: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەباسی دووەمدا: بەهای کۆمەڵایەتی، باسکراوە، بەشی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکەیە، پاشان دەرەنجامەکانو ڕاسپاردەکانو پێشنیارەکانو لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناڕوونی کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجانی شاری سلێمانی توێژەر لەم ڕوانگەیەوە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکیە و چەند چەند پرسیارێکی لاوەکی وەربگرێت کە بریتین لەم پرسیارانەی خوارەوە :

١. ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای گەنجانی شاری سلێمانی چەندە؟

٢.گرنگترین ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا گرنگی پێدەدەن چین؟

٣.کامانەن ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر بەکاریان دەهێنن؟

٤.کامانەن دیارترین ئەو پلاتفۆرمانەی تۆری کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان هەیە لەشاری سلێمانی؟

٥.ئایا کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجان هەیە؟

### ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە

- لەڕووی زانستی: دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ توێژەران و خوێنەران و پاشخانێک بۆ سەر سەرچاوەکانی بواری ڕاگەیاندن بە تایبەتی و سەرچاوی زمانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی.
- لەڕووی پراکتیکی: ئەو داتاو زانیارییانەن کە توێژەران لەتەوەری پراکتیکیدا پێیگەشتوەو ئاماژەن بۆ دەرخستنی کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان.
- لەڕووی مرۆییەوە: کارکردنی توێژەرانە لەسەر توێژێکی گرنگی نێو شاری سلێمانی کە گەنجانە.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە

١.زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای گەنجانی شاری سلێمانی.

٢.زانینی گرنگترین ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا گرنگی پێدەدەن.

٣.ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە زیاتر بەکاریان دەهێنن.

٤.زانینی دیارترین ئەو پلاتفۆڕمانەی تۆری کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان هەیە لەشاری سلێمانی.

٥.زانینی کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجان.

sjh@univsul.edu.iq

**١-٤ گریمانەی توێژینەوەکە**

- پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لە شاری سلێمانی هەیە.

**١-٥ میتۆدی توێژینەوەکە**

یەکێك لەهەنگاوە دیارەکانی توێژینەوەی زانستی، دیاریکردنی میتۆدی توێژینەوەکەیە، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو فاکتەرە بنچینەیانەی کە کاریگەرییان لەگۆڕاو یان گۆڕاوە پاشکۆکانی توێژینەوەکە هەیە، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بە پەیڕەوکردنی ڕێکاری ڕووپێوی، چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا گونجاوە.

**١-٦ سنووری توێژینەوەکە:**

1. سنووری کات: ماوەی پراکتیکی توێژینەوەکەیە کە دەکەوێتە نێوان (٢٠٢٥\٢\١٥ بۆ ٢٠٢٥\٤\١٥).
2. سنووری شوێن: شاری سلێمانی.
3. سنووری مرۆیی: گەنجانی شاری سلێمانی.

**١-٧ کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە**

کۆمەڵی توێژینەوەکە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێی گەنجانی شاری سلێمانی دەگرێتەوە، هەر لەو کۆمەڵگەیە توێژەر بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار سامپڵی توێژینەوەکەی دەستنیشانکردووە، کە بریتییە لە (٣٠٠) گەنج لەشاری سلێمانی، (١٣٧) گەنج لەڕەگەزی نێرو (١٦٣) گەنج لەڕەگەزی مێ، وەك لەخشتەی (١) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1)**

**خەسڵەتە دیموگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| گـۆڕاو | | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 163 | 54.3 | 1 |
| | مێ | 137 | 45.7 | 2 |
| کـــــــۆ | | 300 | 100 | |
| تەمەن | 22-18 | 89 | 29.7 | 1 |
| | 27-23 | 81 | 27.0 | 2 |
| | 32-28 | 44 | 14.7 | 4 |
| | 37-33 | 31 | 10.3 | 5 |
| | 40-38 | 55 | 18.3 | 3 |
| کـــــــۆ | | 300 | 100 | |
| پیشە | خوێندکار | 103 | 34.3 | 1 |
| | کاسب | 56 | 18.7 | 3 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | فەرمانبەری حکومی | 11 | 3.7 | 5 |
| | فەرمانبەری تایبەت | 101 | 33.7 | 2 |
| | بێکار | 29 | 9.6 | 4 |
| کــــــۆ | | 300 | 100 | |
| ئاستی دارایی | باش | 39 | 13.0 | 2 |
| | مامناوەند | 245 | 81.7 | 1 |
| | لاواز | 16 | 5.3 | 3 |
| کــــــۆ | | 300 | 100 | |
| ئاستی خوێندن | خوێندنەوەو نووسین | 4 | 1.3 | 6 |
| | بنەڕەتی | 14 | 4.7 | 5 |
| | ئامادەیی | 42 | 14.0 | 3 |
| | دبلۆم | 66 | 22.0 | 2 |
| | بەکالۆریۆس | 137 | 45.7 | 1 |
| | خوێندنی باڵا | 37 | 12.3 | 4 |
| کــــــۆ | | 300 | 100 | |
| باری خێزانی | سەڵت | 169 | 56.3 | 1 |
| | خێزاندار | 120 | 40.0 | 2 |
| | جیابووەوە | 8 | 2.7 | 3 |
| | تاك مردوو | 3 | 1.0 | 4 |
| کــــــۆ | | 300 | 100 | |

**١-٨ ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، توێژەر ئامرازی (فۆرمی ڕاپرسی) بەکارهێناوە،کە لەچەند برگەو پرسیارێك پێکهاتووە لەلایەن گەنجانی شاری سلێمانییەوە وەڵامدراونەتەوە.

**١-٩ ڕاستیو جێگیری**

**١..ڕاستی:** بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕواڵەتی توێژەر فۆرمی ڕاپرسییەکەی بەشێوەی سەرەتا خستە بەردەست ژمارەیەك لەهەڵسەنگێنەری شارەزاو پسپۆڕ لەبواری ڕاگەیاندن، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنو تۆمارکردنی تێبینییەکان، لەسەر ئەو بنەمایە توێژەر پشتی بەهاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت بەستووە بۆ دەرهێنانی ڕاستی فۆرمی ڕاپرسییەکە کە ڕێژەکەی (93.3%) دەکاتو ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بۆ ڕاستی فۆرمی ڕاپرسییەکە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**١-١٠جێگیریی:** بۆ دەرکردنی جێگیری، توێژەر هاوکێشەی ئاماری (ئەلفاکرۆنباخ)ی بۆ سەرجەم برەگەکانی فۆرمەکە بەکارهێنا، لەڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)ەوە بەهای (ئەلفاکرۆنباخ)ی دۆزینەوە کە (0.98)ە، ئەم بەهایەش ئاماژەیە بۆ بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە..

**١-١١ دیاریکردنی چەمکەکان**

**-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

بریتییە لەکۆمەڵێك پێگەی ئەلیکترۆنی فراوان نو گەورە، کە کۆمەڵێك خزمەتگوزاری پێشکەشی بەکارهێنەرانی دەکات لەڕووی پەروەندیکردنو کارلێککردنو گفتوگۆکردن، هەروەها دەبێتە هۆکارێك بۆ لێکنزیکبوونەوەو یەکترناسینو هاوڕییەتی دروستکردن لەڕێگەی خزمەتگوزاریەکانەوە، وەك نامەناردنو گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و دروستکردنی لاپەڕەیەکی تایبەتی کەسیو دەزگاکانو گروپ لەنێوان ئەو کەسانە بەکاریدەهێنن، هەروەها بەشداریکردن لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە لەئاهەنگو ڕووداوەکانی یەکتردا، ئەویش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەو ناردنی وێنەو ڤیدیۆ و بەرنامەی تایبەتەوە بەشێوەیەکی خێرا گواستنەوەیان لەنێوان بەکارهێنەراندا.(العریشي،23:2015)

**پێناسەی تیۆری:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو پێگە ئینتەرنێتیانە دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە پەیوەندیو ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان ئەنجامدەدرێتو باشترین ڕێگاچارەی ویستی بەکارهێنەرە کە دەتوانێت هەر بابەتێك کە تاك یان کۆمەڵگا بیانەوێت بۆیان دابینبکات.

**-کاریگەریی:** توانای بەدەستهێنانی ئەنجامێکی مەبەستدارە، بەپێی پێوانەیەکی دیاریکراو و ئامادەکراوی پێشوەخت، یان توانای بەدەستهێنانی ئامانجەکانە بۆ گەیشتن بەئەنجامەکان بەپێی ئاستێکی تەواو گونجاو.(علی،45:2000)

**پێناسەی تیۆری:** کارێکە بەوپەڕی تواناوە ئەنجامدەرێت، بەمەبەستی بەدەستهێانی ئامانجەکان، لەڕێگەی گەیشتن بەدەرهاویشتەی خوازراوە هەڵسەنگاندنی بەپێی بنەماکانی گەیشتن بۆ دەکات.

**-بەها:**

بریتییە لەبیروباوەڕو ڕێبازی بنەڕەتی یان پێوەر یان شێوازی ژیان بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتار ئاراستە دەکات، یان خاڵێکی بەهێزە لەدروستکردنی بڕیار یان هەڵسەنگاندنی بیروڕاو کردارەکانی مرۆڤە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەسروشتی مرۆڤ و خودی تاکەوە هەیە.(السلمي،80:2019)

**پێناسەی تیۆری:** کۆمەڵێک بنەماو ستانداردو پێوەرە کە بیرکردنەوەو بیروباوەڕو ڕەوتەکانی مرۆڤ بەڕێوەدەبەنو کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەیە، بۆئەوەی لە ڕەفتارو کردارە پراکتیکییەکانیدا نوێنەرایەتی بکات.

**-بەهای کۆمەڵایەتی:**

کۆمەڵێك واتان کە لەهەناوی ڕۆشنبیرییو بیروباوەڕی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە، تاك وەریدەگرێت بەهۆی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی تر، تاك باوەڕی تەواوی بە بەها کۆمەڵایەتییەکان هەیەو لەقوڵایی عەقڵو ویژدانیدا دەچەسپێت، لەڕێگەی بیروبۆچوونەکانیەوە پارێزگاری لێدەکاتو کەسایەتی پێ دادەمەزرێتو گەشەدەکات.(البلال،725:2023)

**پێناسەی تیۆری:** بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەوە جیادەکرێتەوە گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتیو لێهاتوییو تواناکانی تاك دەدات بۆ کارکردن لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، خۆبەخشانە خۆی بۆ خزمەتکردنی کەسانی تر تەرخان دەکات، تاك بەو توانایە

sjh@univsul.edu.iq

جیادەکرێتەوە کە هەیەتی بەشێوەیەك کاتو کۆششو ماڵو سامانی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە دەبەخشێت، ئەویش بەرەفتاری دۆستانەو بەزەییو سەرنجراکێش.

**-گەنج:**

گەنج لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە توێژێکی ناو کۆمەڵگەن، هێزو تواناى کۆمەڵگە دیاریدەکەن، کە تەمەنی گەنج لە(١٨)ساڵییەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی (٤٠) ساڵی، ئەویش بەپێی ئەو پێناسەی کە یونسکۆ لەساڵی ١٩٦٩ لەکۆنگرەیەکدا لەقاهیرە دایناوە. (تەلعەت،20:2006)

**پێناسەی تیۆری:** گەنج، هیواو هێزی کۆمەڵگەیەو رۆڵێکی گرنگی لەبەرەو پێشبردنیدا هەیە، باشترینو بەهێزترین تواناو هێزی هەیە، هەر بۆیە هەمیشە بەداینەمۆی کارو ژیانی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو شارستانی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

**-شاری سلێمانی:**

شاری سلێمانی یەکێکە لەشارەکانی باشوری کوردستان، کە بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناوزەند دەکرێت.

**١-١٢ توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: توێژینەوە بەزمانی کوردی**

1. توێژینەوەی (صالح، ٢٠٢٣) ماستەرنامەیەکە بەناونیشانی (کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) توێژینەوەیەکی مەیدانییە، پێکەشی بەشی تەکنیکی میدیای کۆلێجی تەکنیکی کارگێری لەزانکۆی سلێمانی کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لەزانینی کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی ژنان لەهەرێمی کوردستان، بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکەی توێژەر میتۆدی (وەصفیو چەندێتی) بەکارهێناوە، ئامرازی توێژینەوەکە بریتیبووە لەفۆرمی ڕاپرسی کە بەسەر سامپڵێك لەکۆمەڵی توێژینەوەکەی دابەشیکردووە کە بریتیبووە لە (١٤٣٥٦) ژن لەهەرێمی کوردستان، لەرێگەی ئامرازە ئامارییەکانی (هۆڵستیو دووبارەبوونەوەی برگەکانو ڕێژەی سەدی) شیکاریی بۆ داتا بەدەستهاتووەکان کردووەو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سۆشیال میدیا کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی لای ژنانی هەرێمی کوردستانو بەشی زۆری ئەو کاریگەرییەش نەرێنییە.

**دووەم: توێژینەوە بە زمانی عەرەبی**

توێژینەوەی (الشیتي، 2018) نامەیەکی ماستەرە بەناونیشانی (أثر استخدام شبكات التواصل الاجتماعي على القيم لدى الشباب: دراسة ميدانية على طالبات جامعة القصيم) توێژینەوەیەکی مەیدانییە پێشکەش بە بەشی سیستمی زانیارییە کارگێرییەکان لەکۆلێجی زانستی کۆمپیوتەر لەزانکۆی ئەلقەصیم لەوڵاتی سعودیە کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە کاریگەریی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەهاکانی خوێندکارانی کچ لە زانکۆی قەصیم، توێژینەوەکە لەجۆری وەسفییە بەڕێبازی ڕاپرسیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەخوێندکارانی ڕەگەزی مێ لە قۆناغی بەکالۆریۆس لەکۆلێژە جیاوازەکانی زانکۆی قەصیم، کە بریتین لە (پزیشکی، کۆمپیوتەر، ئابووری و کارگێری، شەریعەت و زانستە ئیسلامییەکان، پەروەردە، زانست و ئەدەب - بەشە ئەدەبییەکان، زانست و ئەدەب - بەشە زانستییەکان، ئابووری و دیزاین)، سامپڵی توێژینەوەکە (٣٠٠) خوێندکاری کچ بوون کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێناوە بەشێوازی مەبەستدار هەڵبژێردراون، ڕاپرسینامە وەك ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانك توێژینەوەکە گەیشتووتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی هاوسەنگی هەیە لەنێوان چڕیی

بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕاوی بەهاکان بەجۆرێک بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یارمەتیی زۆرێک لەخوێندکارە کچەکانی داوە بۆ بەدەستهێنانی چەندین بەهای کۆمەڵایەتی و زانستی و پاراستنی بەهاکانی ئایینیان.

**سێیەم: توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1. توێژینەوەی (Zaman, 2022) ماستەر نامەیەکە بەناونیشانی ( Impact of Social Media on Social Values: A Comparative Analysis of the Users and Non-Users, Pak. Journal of Media Science) توێژینەویەکی مەیدانییە پێشکەش بە زانکۆی پێشەوا لەپاکستان کراوە. ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لەکاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەوانەی بەکاردەهێنن و ئەوانەی بەکارناهێنن)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لەزانینی کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و ئەوانەشی کە بەکاریناهێنن، توێژەر پشتی بەرێبازی چۆنیەتی و چەندێتی بەستووە، نموونەی توێژینەوەکەی (٥٠) کەس بووە لەهەردوو رەگەزی نێرو مێ، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، دوای شیکاری داتاو زانیارییەکان توێژەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن بەراورد بەو کەسانەی بەکاریناهێنن.

## بەشی دووەم/ تیۆرینامەی توێژینەوەکە

### ٢-١ چەمك و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە لەســـەر بنەمای پەیوەندییە کارلێکەرییەکان دامەزراوە، چ پەیوەندییەکی هاوتەریب یان ناهاوتەریب بێت لەرێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی ژمارەیی کارلێکەرییەوە، کە تێیدا ناردن و وەرگرتنی زانیاری لەنێوان دوو لایەن یان چەند لایەنێکدا ڕوودەدات، لەم ڕوانگەیەوە (تۆڕی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئارەزووی کۆمەڵایەتی کە تاکەکان یان ڕێکخراوەکان دایدەمەزرێنن بۆ ئەوەی لەپەیوەندیدابن، لەئەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێتو نوێنەرایەتی پێکهاتە یان شێوازێکی داینامیکی بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات) (توفيق، ٢٠١٨ :١٩٩).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویستو گەیشتن بەزانیاریی نوێ، یان پەیوەندیکردن، یان کاتبەسەربردن، لەبەرئەوە ماڵپەرەکانی پەیوەندیکردن شۆڕشێکیان لەجیهانی پەیوەندیکردنو زانیاری بەرپا کردو هاتنە ناوەوەی ئەم ئامرازە نوێیانەی پەیوەندیکردن بۆ ناو کۆمەڵگا، بەناچاری دەبێتەهۆی گۆڕانکاریو کاریگەریی لەســیستەمی بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی سیاسیی ناوخۆیی دەبێت (رشيد، ٢٠٢٢ :٥).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە لاپەڕەکانی وێب، کە دەتوانێت بەئاسانی کارلێك لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەیت، کە بە کرداری لەســەر ئینتەرنێتن و ئامانجیان فەراهەمکردنی کۆمەڵێك ئامرازی جیاوازە، کە لەرێگەیەوە یارمەتی کارلێککردنی تاکەکان بدەن لەگەڵ یەکتردا، بۆ نمونە؛ (تایبەتمەندی نێرمرە خێراکان، ڤیدیۆ، چات، گورینەوەی فایلەکان، گروپەکانی گفتوگۆکردن، ئیمەیڵو نوســراوەکان)، پێگەی کۆمەڵایەتییمان هەیە بەبچووکییە دیاریکراوەکەی کۆمەڵ گونجاون، هەندیکیان خزمەت بەسنورێکی جوگرافی دەکەنو هەندیکیشیان بەکارهێنانیان ئاسانەو هەندیکی دیکەشیان پیویستیان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و نوی هەیە(السوداني، ٢٠١٥ :٢٩) .

هەروەها (تۆد کێلسی - Todd Kelsey) پێناسەی دەکات بەوەی کە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتین کە لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەردەکەون کاتێک ژمارەیەکی پێویست لەخەڵک بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبن لەگفتوگۆکردن، هەستێکی مرۆیی پێویست کۆیان دەکاتەوە، بەشێوەیەک کە شوێنی پەیوەندییە کەسییەکان پێکدەهێنن لەرێگەی مەوداو بوارە ئەلیکترۆنییەکانەوە . (Kelsey,2010:147-148)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(Dawley, 2009) پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەوەی کە ماڵپەڕێکن لەسەر ئینتەرنێت کە بەکارهێنەران دەتوانن لەدروستکردنی فایلی کەسی پێناسەو بنیاتنانی تۆڕێکی تایبەتی بەستراو لەگەڵ ئەوانی تر دروست بکەن (Dawley,2009:111).

کەواتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک ماڵپەڕو ئەپلیکەیشنی ئینتەرنێتن، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن، زانیاریو بیرۆکەو خولیاکانیان هاوبەش بکەن، کە دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم تۆڕانەوە چەندین کۆمەڵگەی گریمانەیی دروست بکرێت، کە دەرفەتێکی باش بۆ تاك دەرەخسێنێت لەیەکترناسینو ئاڵوگۆڕی بیرۆکەو گۆڕانی ڕەفتاری، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکار دەبێت لەگۆڕینو وەرگرتنی بەهای نوێ لەکۆمەڵگەکانی ترەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی، کە دواجاریش لەوانەیە کاریگەریی نەرێنیو ئەرێنی لەسەر تاك دروست بکات.

## ٢-٢ بەها کۆمەڵایەتییەکان

### ٢-٢-١ چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان

بەها کۆمەڵایەتییەکان لەبنەڕەتدا سیستەمێکی دامەزراوەییە کە کار لەسەر جیاوازی ئاستو کرداری لای تاك دەکات، لەڕووی ڕەفتارییەوە چەند تایبەتمەندیەك بەتاك دەبەخشێت کە تاکێك لەتاکێکی دیکە جیاواز دەکات، چونکە بەهاکان جۆراوجۆرن وەك (بەهای ئاینی، بەهای سیاسی، بەهای فیکری، بەهای ئابووری، بەهای هونەری، بەهای پەروەردەی)، جگە لەوانەش بەهاکان ڕۆڵ لەسەر شێوازی ڕەفتاری خوێندکار لەکۆمەڵگەدا دەگێڕن، چونکە زۆرێك لەبەهاکان شێوازی یاساییو سیستەمی لەکاتی جێبەجێکردندا وەردەگرن (المخلفي، ٢٠٢١ :١٥٦).

بەها کۆمەڵایەتییەکان خۆی لەو ڕێبازو بیروباوەڕە بنەڕەتی یان پێوەر یان شێوازی ژیان دەبینێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتار ئاراستە دەکات، یان خاڵێکی بەهێزە لەدروستکردنی بریار یان هەڵسەنگاندنی بیروڕاو کردارەکانی مرۆڤ کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەسروشتی مرۆڤو خودی تاکەوە هەیە (السلمي، ٢٠١٩ :٨٢).

بەها کۆمەڵایەتییەکان بەو پێیەی کە پەیوەندییی بەئارەزووەکانی مرۆڤەوە هەیەو خۆی لەکۆمەڵێك حەزو ئارەزووی لەپێشینەو ئەرك و پەیوەستبوونە ئاکارییەکانو خۆزگەو پێداویستیو داخوازییەکاندا دەبینێتەوە، واتە بەهاکان لەنێو جیهانێکی بەرفراوانو هەمەڕەنگدایە، لە ئاکارە پەسەند کراوەکان، یان خەسڵەتێکە بەلای خەڵکەوە پەسەندەو حەزی پێدەکات، لەڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا، خەسڵەتێکی گشتگیر وەردەگرێت کە دەبێتە ئاراستەکردنی ڕەفتار یان ئامانجێك لەئامانجەکان (ئیسماعیل و بابان، ٢٠٢٢ :١٠).

هەروەها بەجۆرێک لەپێوەرەکانی ڕەفتاریو ئاکاری تاك دادەنرێت، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو بەپێوەرەکانی دیکەوە گرێدراون، وەک مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە بەیەکسانی، ڕێزگرتن لەکەسانی بەساڵاچوو، میهرەبانی لەگەڵ گەنجانو دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان، ئەم جۆرە بەهایانە هەمیشە کاردەکات بۆ کێشانی وێنەیەک لەو ڕۆڵو کارلێکە کۆمەڵایەتیانەی کە لە نێوان تاکەکاندا ڕوودەدەنو ئەو شێوازە دیاری دەکات کە پەیوەندیکردن پێی ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەکان(الحسن، ١٩٧٢ :١٠٨).

چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستە بەچەندین چەمک و دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکەوە، وەک ڕەوت و پێوەرو بیروباوەڕەکان، ئەم چەمکە لەلایەن کۆمەڵناس (پارسۆنس)ەوە وەک توخمێک لە سیستەمێکی هێمای هاوبەشدا پێناسە کراوە، کە بەستاندارد یان ئاستێک بۆ هەڵبژاردنی نێوان جێگرەوەکانی ڕێنمایی کە لەدۆخەکاندا هەن دێنەکایەوە، بەمجۆرە پابەندبوونێک پێکدەهێنێت، بەوردیو بەقووڵی، کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی نێوان جێگرەوەکانی ڕەفتار دەبێت، وەک چۆن بەها

sjh@univsul.edu.iq

کۆمەڵایەتییەکان پێوەرە کۆمەڵایەتییە جوانیناسییەکان کە بەشارستانیەت دیاری دەکرێن، کە ئەندامانی کۆمەڵگایەک بەپێی نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگایەو پێداویستییەکانیو ئامانجەکانی لەژیاندا کۆتایی پێدەهێنن (محسن، ٢٠٠٧: ١١).

زۆرێک لە کۆمەڵناسان جەختیان کردووەتەوە کە بەها کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لەدیارترین دیاریکەرەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، وەک (دورکهایم) کە پێیان دەڵێت: نموونە کۆمەڵایەتییەکان، بە بەهاکۆمەڵایەتییەکان دەتوانین لەسەر بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بڕیار بدەین لەڕێگەی پێوانە پێشینەییەکانیانەوە، بەهاکۆمەڵایەتییەکان گوزارشت دەکەن لەکۆمەڵێک ئاراستە، لە کاتێکدا ئاراستە وەڵامدانەوەی تاکە بۆ بابەتێکی دیاریکراو، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە بەهاکۆمەڵایەتییەکان ئاراستەکان دیاریدەکەن، چونکە هەردووکیان بەشداری دەکەن لەڕەفتاری تاکەکەسو شێوەپێدانی، لەجێگیری جیاوازن، ئاراستەکان کەمتر جێگیرن لەبەهاکۆمەڵایەتییەکان، کەڵەکەبوونیان دەبێتە بەها، لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە بەهاکۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی ئاراستەکانن (احمد، ١٩٩٩: ٧٣).

لەڕوانگەی فەلسەفییەوە، بەهاکان وەك شتێکی جێگیر سەیر دەکرێن کە بەگۆڕانی کاتو شوێن ناگۆڕێن، بۆ نموونە فەلسەفەی ئیسلامی بەهاکان بەدوو بەش دادەنێت: بەشێکیان جێگیرو ڕوونو ناگۆڕێن، بەشەکەی تریان ڕێژەیینو گۆڕاونو پەیوەستن بەژیانی مرۆڤەوە، هەروەها بەهاکان وەك بیرۆکەو باوەڕ سەیر دەکرێن کە ڕێنوێنی ڕەفتاری مرۆڤ دەکەن، بەهاکان وەك پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیش سەیر دەکرێن کە تاك لەژینگەی دەرەکی کۆمەڵایەتییەوە وەریدەگرێت، هەندێکیش بەهاکان بەئاراستەکان دەبەستنەوە، بەو پێیەی تاك لەدایك نابێت بەهیچ بەهایەك بەرامبەر بەهیچ بابەتێکی دەرەکی، بەڵکو بەهاکانی لەپەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی زۆرو جیاوازدا لەژینگەیەکدا بەدەستدەهێنێت کە کاریگەری لەسەری هەیە، بەمەش چەند ئاراستەیەکی تایبەتی دروست دەبێت کە دواتر کۆدەبنەوەو پێیان دەوترێت بەهاکان، (مۆر- Murray) ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە بەوەی بەهاکان هەڵوێستی تاك نیشاندەدەن بەرامبەر بە کەسو بابەتەکانو پەیوەستن بەئاراستەکانەوە کە وەك ئاماژەیەکی سەرەکی بۆیان دادەنرێن، لەچوارچێوەی پەیوەندی نێوان تاك و ئەزموونەکانی کە بەدەستی دەهێنێت یان ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەبارودۆخێکی دیاریکراودا دیاریدەکرێن (بوطبال و زغراني، ٢٠١٨: ٤١).

**٢-٢-٢ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو کاریگەریی لەسەر گەنجان**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی خەڵک لەسەردەمی مۆدێرندا، ئەم تۆڕانە کارئاسانییان کردووە بۆ تاکەکان لەنەتەوەو کلتوری جیاوازەوە کە پەیوەندی دروست بکەنو زانیاریو بیرۆکە ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەمەش یارمەتی بنیاتنانی پەیوەندی نوێو جیهانێکی دیجیتاڵی داوە کە سنورە جوگرافیەکان تێدەپەڕێنێت، سەرەڕای ئەوەی ئەم پەیوەندییە چڕە هەندێک لایەنی ئەرێنی لەژیانی تاکەکاندا بەهێز دەکات، بەڵام نیگەرانییەکان لەزیادبووندان سەبارەت بەکاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو بەها کلتورییەکان، بەتایبەتی لەبارەی کاریگەرییان لەسەر ناسنامەو سەر بەکلتور بوون (اللبان، ٢٠٠٨: ٤١).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتی بەهێزکردنی پەیوەندی خێرای نێوان تاکەکانیان داوە، چونکە بەربەستەکانی کاتو جوگرافیی نەهێشتوون، ئەمەش پەیوەندیکردنی تاکەکان لەگەڵ هاوڕێیانو ئەندامانی خێزان لەشوێنە جیاوازەکانی جیهان ئاسان کردووە. ئەم میدیایانە یارمەتی بەهێزکردنی پەیوەندییە خێزانییەکانو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هاوڕێیان داوە، چونکە ئێستا دەکرێت هەواڵی خزم و هاوڕێیان بزانرێتو ساتەکانی ژیان لەگەڵیاندا بەش بکرێت لەڕێگەی وێنەو پۆستەکانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕێگەی بۆ تاکەکان خۆشکردووە کە هاوڕێی نوێ بناسنو بچنە ناو گروپ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە، ئەمەش کراوەییو پێکەوەژیان بەهێز دەکات (علی، ٢٠١٩: ٨١).

sjh@univsul.edu.iq

یەکێک لەپەیوەندییەکانی نێوان گەنجانو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئەوەیە کە تۆڕی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای بەهێزکردنی پەیوەندی، دەکرێت لەهەندێک حاڵەتدا ببێتەهۆی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، پشتبەستنێکی زۆر بەپەیوەندی دیجیتاڵی دەکرێت دەرفەتەکانی پەیوەندی ڕاستەقینە کەم بکاتەوە، ئەمەش دەکرێت ببێتەهۆی هەستکردن بەگۆشەگیریو دابڕان لەکۆمەڵگەی ڕاستەقینە. هەندێک کەس پەیوەندی لەڕێگەی نامەو پۆستەکانەوە پێ باشترە لەچاوپێکەوتنی ڕاستەقینە، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەو کەمکردنەوەی کاتبەسەربردن لەگەڵ خزم و هاوڕێیاندا (هادي، ٢٠٢٢ :٣٦).

کەواتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێکجار بوونەتەهۆی دروستبوونی ژینگەیەکی ڕکابەری، کە تیایدا تاکەکان ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە بەهۆی بەراوردکاری بەردەوام لەگەڵ کەسانی دیکە لەسەر بنەمای وێنەو دەرکەوتنی ژیانێکی نموونەیی کە لەڕێگەی ئەم میدیایانەوە نیشان دەدرێت. هەندێک کەس دەرکەوتەی سەرکەوتنو خۆشگوزەرانی نیشان دەدەن، ئەمەش فشارێکی دەروونی لەسەر کەسانی دیکە دروست دەکات و دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕازیبوونی تاک لە ژیانیو خۆشویستنی خۆی. ئەم فشارە یارمەتی دروستبوونی ڕکابەرییەکی نا ڕاستەقینە دەدات کە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان دادەنێت.

هەندێک بەهای کۆمەڵایەتی وەک بەکاربردنو گەڕان بەدوای ناوبانگدا لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە بڵاوبوونەتەوە، کە تیایدا تاکەکان سەرنجیان لەسەر نیشاندانی ژیانێکی خۆشگوزەرانەو دەرکەوتەی ڕەفاهییەتە، ئەمەش بەها تاکەکەسییەکان بەهێز دەکات لەسەر حیسابی بەها کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان وەک هاوکاریو بەشداری. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری لەسەر بەها خێزانیو کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت، چونکە ئەولەوییەتە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن بۆ ئەوەی تاکەکەسیتر بن، گرنگی بەڕواڵەتی دەرەکیو موڵک دەدرێت لەسەر حیسابی پەیوەندییە خێزانیو کۆمەڵایەتییە پتەوەکان.

**بەشی سێیەم/ پراکتیکنامەی توێژینەوەکە**

توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، کە پێکدێت لەخستنەڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی پرسیارە سەرەکییەکانی ئامرازی توێژینەوەکەو تاقیکردنەوەی گریمانەکان.

**یەکەم / زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای گەنجانی شاری سلێمانی.**

**خشتەی (2)**

**ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| بژاردەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | 94 | 31.3 | 2 |
| هەندێکجار | 173 | 57.7 | 1 |
| بەدەگمەن | 33 | 11.0 | 3 |
| کـــــــــۆ | 300 | 100 | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (2) دەردەکەوێت کە زۆرینەی گەنجان لەشاری سلێمانی ئاستی بەکارهێنانیان بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپلەی یەکەم هەندێکجار، هەروەها بەردەوام بەپلەی دووەمو بەدەگمەن بەپلەی سێیەم دێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە سامپڵی توێژینەوەکە بەئاستێکی بەرز تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن بۆ مەبەستە دیاریکراوەکانیان، ئەمەش هاوتەرییە لەگەڵ زۆربەی ئامارە نوێکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم / زانینی گرنگترین ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا گرنگی پێدەدەن.**

**خشتەی (3)**

**گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتیەکانیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| بابەتی کۆمەڵایەتی | دووبارە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| خێزان | 36 | 12.0 | 1 |
| هاوسەرگیری | 29 | 9.7 | 4 |
| توندوتیژی خێزانی | 26 | 8.7 | 6 |
| جیابونەوە | 22 | 7.3 | 9 |
| کۆمەڵگە | 27 | 9.0 | 5 |
| پەیوەندی هاورێیەتی | 30 | 10.0 | 3 |
| پەروەردەی خێزانی | 25 | 8.3 | 7 |
| فرەژنیی | 15 | 5.0 | 11 |
| دەمارگیری کۆمەڵایەتی | 12 | 4.0 | 12 |
| ڕەچەڵەک | 33 | 11.0 | 2 |
| پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 21 | 7.0 | 10 |
| پەروەردەی منداڵ | 24 | 8.0 | 8 |
| کـــــــــۆ | 300 | 100 | |

بەپێـــی ئەنجامی خشتەی (3) دەردەکەوێت گرنگترین ئەو بابەتانە کۆمەڵایەتییانەی نێو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان کە گەنجان لەشاری ســـلێمانی گرنگیان پێدەدەن بەپلەی یەکەم بابەتەکانی خێزانە، بەپلەی دووەم بابەکانی پەیوەســـت بەڕەچەڵەکە، بەپلەی ســـێیەم بابەتەکانی پەیوەندی هاورێیەتییە، بەپلەی چوارەم بابەتەکانی هاوسەرگیرییە، بەپلەی پێنجەم بابەتەکانی کۆمەڵگەیە، بەپلەی شەشەم بابەتەکانی توندوتیژی خێزانییە، بەپلەی حەوتەم بابەتەکانی پەروەردەی خێزانییە، بەپلەی هەشـــتەم بابەتەکانی پەروەردەی منداڵە، بەپلەی نۆیەم بابەتەکانی جیابونەوەیە، بەپلەی دەیەم بابەتەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانە، بەپلەی یازدەیەم بابەتەکانی فرەژنییە، بەپلەی دوازدەیەم بابەتەکانی دەمارگیری کۆمەڵایەتییە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ ســـروشـــتی گرنگی پێدانی ســـامپڵی توێژینەوەکە بەبـابەتەکـانی خێزان زیـاتر لەبـابەتە کۆمەڵایەتییەکـانی تر لەنێو تۆرەکۆمەڵایەتییەکـان، بەو واتـایەی خێزان جێی گرنگیدانو بەئاگایی سامپڵی توێژینەوەکەیە بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

**سێیەم / دیاریکردنی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر بەکاریان دەهێنن.**

**خشتەی (4)**

**بەکارهێنانی دیارترین جۆری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| ئامرازەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبووک | 111 | 37.0 | 1 |
| ئینستاگرام | 90 | 30.0 | 2 |
| یوتیوب | 64 | 21.4 | 3 |
| ئێکس | 21 | 7.0 | 4 |
| مای سپەیس | 7 | 2.3 | 5 |
| های فایف | 3 | 1.0 | 7 |
| لینکدین | 4 | 1.3 | 6 |
| کــــــــــۆ | 300 | 100 | |

بەپێـــی ئەنجامی خشتەی (4) دەردەکەوێت بەپلەی یەکەم دیارترین ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتییانەی کە گەنجان لەشاری سلێمانی زیاتر بەکاریان دەهێنن فەیســبووک، بەپلەی دووەم ئینســتاگرام، بەپلەی ســێیەم یوتیوب، بەپلەی چوارەم (X) تویتەر، بەپلەی پێنجەم مایسپەیس، بەپلەی شەشەم لینکدین، بەپلەی حەوتەم های فایف، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تا ئێستاش تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســبووک بەپلەی یەکەم دێت لای ســامپڵی توێژینەوەکە لەنێو تۆڕەکانی دیکە، ســەرەڕای گەشـــەی نەوەکانی ئینتەرنێت‌و سـەرهەڵدانی تۆڕو پرۆگرام‌و ئەپڵیکەیشـنی نوێ، ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ ڕاپرسـی پێشـوەختەی توێژەر لەدیاریکردنی جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

**چوارەم / زانینی دیارترین ئەو پلاتفۆڕمانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان هەیە لەشاری سلێمانی.**

**خشتەی (5)**

**ڕادەی ڕەنگدانـەوەی پلاتفـۆرمەکانی تۆڕی کـۆمـەڵایەتی لەسەر بەهای کـۆمـەڵایەتی لای سامپڵی تـوێژینەوەکە**

| ئامرازەکان | ناوەندی ژمێرەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئاستی گرنگی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| فەیسبووک | 2.40 | 79.9 | بەرز | 1 |
| ئینستاگرام | 2.23 | 74.2 | بەرز | 3 |
| مای سپەیس | 1.27 | 42.3 | مامناوەند | 5 |
| (X) تویتەر | 2.04 | 68.1 | بەرز | 4 |
| یوتیوب | 2.34 | 78.1 | بەرز | 2 |
| های فایف | 1.07 | 35.7 | مامناوەند | 6 |

بەپێـــــی ئەنجامی خشـتـەی (5) دەردەکەوێت رادەی رەنگدانەوەی پلاتفۆرمەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسـەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لەشـاری سـلێمانی بەپلەی یەکەم فەیسبووکە بەگرنگی ڕێژەیی (79.9)و ئاستی گرنگی بەرز، هەروەها یوتیوب بەپلەی دووەم دێت بەگرنگی ڕێژەیی (78.1)و ئاستی گرنگی بەرز، پاشـان ئینسـتاگرام بەپلەی سـێیەم دێت بەگرنگی ڕێژەیی (74.2)و ئاسـتی گرنگی بەرز، هەروەها (X) تویتەر بەپلەی چوارەم دێت بەگرنگی ڕێژەیی (68.1)و ئاسـتی گرنگی بەرز، دواتر مای سـپەیس بەپلەی پێنجەم دێت بەگرنگی ڕێژەیی (42.1)و ئاسـتی گرنگی مامناوەند، لەکۆتایشـدا های فایف بەپلەی شـەشـەم دێت بەگرنگی ڕێژەیی (35.7)و ئاسـتی گرنگی مامناوەند-نزم، ئەمەش تەواو هاوڕاییە لەگەڵ ئەنجامی خشـتـەی (7) سـامپڵی توێژینەوەکە زیاتر فەیسبووک بەکاردەهێنن لەچاو پلاتفۆرمەکانی دیکە.

**خشتەی (6)**

**بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو رەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە**

| ڕیزبەندی | ئاستی گرنگی | گرنگی ڕێژەیی | ناوەندی ژمێرەیی | بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|
| 4 | بەرز - مامناوەند | 75.5 | 3.78 | توانیویەتی ئاشنات بکات بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکە. |
| 10 | مامناوەند - نزم | 40.0 | 2.00 | متمانە بەخۆبونت لادروست دەکات. |
| 1 | بەرز | 81.2 | 4.06 | وایلێکردویت متمانەی کۆمەڵایەتی لەدەستبدەیت. |
| 3 | بەرز - مامناوەند | 75.67 | 3.78 | هانیداویت پابەندبیت بە دابونەریتی کۆمەڵگەکە. |
| 5 | بەرز - مامناوەند | 67.53 | 3.37 | ئامرازێک بون بۆ هاوکاریکردنی کەسانی چواردەورت. |
| 13 | مامناوەند - نزم | 34.80 | 1.74 | هەستی ڕاستگۆیت لا زیاترکردوویت. |
| 9 | مامناوەند | 41.47 | 2.07 | هانت دەدات کاری خۆبەخشانە بکەیت. |
| 11 | مامناوەند - نزم | 35.80 | 1.79 | ڕۆحی بوێری لا بەهێزکردویت. |
| 2 | بەرز - مامناوەند | 79.60 | 3.98 | هانیداویت یارمەتی دەوروبەرت بدەیت. |
| 12 | مامناوەند - نزم | 35.53 | 1.78 | وایلێکردویت دادپەروەر نەبیت. |
| 14 | مامناوەند - نزم | 34.20 | 1.71 | ڕادەی ڕێزگرتنی لە دەوروبەرت زیادکردووە. |
| 7 | مامناوەند | 44.60 | 2.23 | نابێتەهۆی بڵاوکردنەوەی ناپاکی لە نێوان خێزاندا. |
| 8 | مامناوەند | 43.60 | 2.18 | هۆکار نیە بۆ ئەوەی ڕێزبگریت لە بەها پیرۆزەکان (ئایین). |
| 6 | مامناوەند | 49.87 | 2.49 | هانیداویت هەستی خۆشەویستی بۆ دەوروبەر دەربڕی. |

بەپێـــــی ئەنجامی خشـتـەی (6) دەردەکەوێت کە گەنجان لەشـاری سـلێمانی بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سـەبارەت بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو رەنگدانەوەی لەسـەر بەهای کۆمەڵایەتییان ئەوەیە کە وایلێکردون متمانەی کۆمەڵایەتی لەدەسـتبدەن بەگرنگی ڕێژەیی (81.2)و ئاسـتی گرنگی بەرز، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنی سـامپڵی توێژینەوەکەیە کە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەسـەر بەهای کۆمەڵایەتییان دروسـت بووە، واتە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنی لای سـامپڵی توێژینەوەکە دروسـت دەکات لەسـەر بەهای کۆمەڵایەتییان بەجۆرێک کە گەنجان متمانەی کۆمەڵایەتییان لەدەست دەدەن، هەروەها بەپلەی کۆتایی سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە کە ڕادەی ڕێزگرتن لەدەوروبەریان زیادیکردووە بەگرنگی ڕێژەیی

sjh@univsul.edu.iq

(34.20)و ئاستی گرنگی مامناوەندو لاواز، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی سامپڵی توێژینەوەکەیە کە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان دروست بووە، واتە بەپلەی کۆتایی کاریگەرییەکە ئەرێنییە بەجۆرێک ڕێزگرتن لەدەوروبەر زیادەکات.

**پێنجەم / زانینی کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجان.**

**خشتەی (7)**

**پەیوەندی ئامارەی ئاماری لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە**

| بەکارهێنان / بەهای کۆمەڵایەتی | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 0.992 | 59.67 | 18.785 | 0.00 |

- ئەنجامی خشتەی (7) نیشانی دەدات کە هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە هەیە، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (0.992)و بەناوەندی ژمێرەیی (59.67)و لادانی پێوەری (18.785)و بە بەهای بەڵگەداری (0.00)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

- لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تاکو گەنجان لەشاری سلێمانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەکاربهێنن، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان زیاتر دەردەکەوێت.

**خشتەی (8)**

**کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە**

| قەبارەی کاریگەری | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| قەبارەی کاریگەری | Crosstabs | 0.992 | کاریگەری لاواز | کاریگەری مامناوەند | کاریگەری گەورە |
| | Eta squared | 0.984 | بچووکتر لە > 0.01 | یەکسانە بە 0.06 = | گەورەتر لە < 0.14 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (8) دەردەکەوێت کە قەبارەی کاریگەری لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لەشاری سلێمانی زۆر بەرزە، چونکە گەورەترە لە (٠.١٤) کە ڕێژەی قەبارەیەکی گەورەی کاریگەرییە لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا.

**دەرئەنجامەکان**

١.بەشیکی دیاری گەنجان لەشاری سلێمانی بەئاستێکی بەرز تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

٢.مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سامپڵی تویژینەوەکە بۆ چەند مەبەستێکی دیارە، لەوانە: (هەواڵو زانیاری، پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کات بەسەربردن، سود وەرگرتن بۆ کار، بڵاوکردنەوەی چالاکیە کەسییەکان، فێربونی زمان)، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواو دروستە بۆ سروشتی بەکارهێنانی ئەم تۆرانە بۆ مەبەست و ویستی جۆراوجۆر، بەڵام هەواڵو زانیاری پێگەیەکی گەورەو دیاریان بەرکەوتوەو زیاد لەمەبەستەکانی تر لەلایەن گەنجان لە شاری سلێمانی کاری لەسەر کراوە.

٣.رادەی رەنگدانەوەی پلاتفۆرمەکانی تۆری کۆمەڵایەتی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجان لەشاری سلێمانی، (فەیسبووک، یوتیوب، ئینستاگرام، (X) تویتەر، مای سپەیس، های فایف)، بەڵام فەیسبووک پێشەنگەو زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر فەیسبووک بەکاردەهێنن لەچاو پلاتفۆرمەکانی دیکە.

٤.سامپڵی توێژینەوەکە بۆچوونیان سەبارەت بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتییان هەمەجۆرو هەمەڕەنگە، بەڵام لەدەستدانی متمانەی کۆمەڵایەتی ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتوە، واتە کاردانەوەی نەرێنی لای گەنجان لەشاری سلێمانی دروست بووە، بەهۆی بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکانەوە، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە زۆری ڕادەی ڕێزگرتن لەدەوروبەریان بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپلەی کۆتایی هاتوە، واتە بەریزبەندی کۆتایی کاردانەوەی ئەرێنی لەلایان دروست بووە.

**ڕاسپاردەکان**

**١.**توێژەر ناوەندە ئەکادیمیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەکان ڕادەسپێرێت بۆ هۆشیاری زیاتری تاک و گروپەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بەبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو دیارترین ئەو لێکەوتانەی کە بەهۆیانەوە توشی بەکارهێنەران دەبن.

٢.دەزگاکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بکەن، بەئامانجی سوود وەرگرتن لە تۆڕەکۆمەڵیەتییەکان و بەشێوەیەکی ئەرێنی بەکاری بهێنن.

**پێشنیارەکان**

١.توێژەر پێشنیار دەکات کە توێژەرانی بواری میدیاو کۆمەڵناسیو دەروونزانیو پەروەردەیی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو ڕۆڵی لەسەر ئاراستەی ژنان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

٢.توێژەر توێژەرانی بواری میدیا و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و پەروەردەیی ڕادەسپێرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە ڕەهەند و بوارە جیاجیاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاردانەوەی لەسەر تاک و گروپەکانی کۆمەڵگە.

**سەرچاوەکان**


١- احمد، سهيل كامل، ١٩٩٩، التوجيه والإرشاد النفسي مركز الإسكندرية للكتاب القاهرة.

٢- امين، سعيد عبدالغني، ٢٠٠٣، ثر استخدام شبكات التواصل الاجتماعي على القيم لدى الشباب: دراسة ميدانية على طالبات جامعة القصيم، راسلة ماحستير منشورة في مجله البحوث التجارية، المجلد ٤٠.

٣- ئیسماعیل، گێلاس عبدالله، بابان، ئەحمەد علی، ٢٠٢٢، بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەی منداڵ، چ١،چاپخانەی تاران، ل١٠.

٤- بوطبال، سعدالدين و وزغراني، سليم، ٢٠١٨، القيم الاجتماعية و دورها في الوقاية من السلوك اللاجرامي، رسالة منشورة في مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، العدد الخامس، المركز الجامعي غليزان، الجزائر.

٥- توفيق، ميمي محمد عبدالمنعم، ٢٠١٨، شبكات التواصل الاجتماعي (النشأة والتأثير)، رسالة ماجستير منشورة في مجلة كلية التربية العدد الرابع والعشرون، الجزء الثاني، جامعة عين الشمس.

٦- تەلعەت، رابەر، ٢٠٠٦، گەنج و بەشداری سیاسی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧- الحسن، احسان محمد، ١٩٧٢، دراسات تحليلية في المجتمع المعاصر)مطبعة دار السلام ، بغداد.

٨- رشيد، سنان صلاح، ٢٠٢٢، دور مواقع التواصل الاجتماعي في السياسة الدولية، اطروحة دكتوراه، منشورة في مجلة العلمية للبحوث والدراسات التجارية، المجلد ٣٦، العدد٣، كلية التجارة و اداره الاعمال، جامعة حلوان.

٩- السلمي، أحلام عتيق مغلي، ٢٠١٩، مفهوم القيم وأهميتها في العمليه و تطبيقاتها السلوكيه منظور اسلامي، رساله مجستير منشوره في المجله العلوم التربويه النفسيه، العدد الثاني- المجلد الثالث.

١٠- السوداني، حسن، و منصور، محمد ٢٠١٥ ، شبكات التواصل الاجتماعي وتاثيريها على جمهور المتلقين، ط ١، مركز الكتاب الاكاديمي، عمان.

١١- صالح، سازيان تاليب، ٢٠٢٤، کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێجی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی.

١٢- علي اسماعيل، ٢٠١٩، مواقع التواصل الاجتماعي بين التصرفات المرفوضة والاخلاقيات المفروضة، دار التعليم الجامعي، القاهرة.

١٣- اللبان، شريف درويش، ٢٠٠٨، تكنولوجيا الاتصال، المخاطر والتحديات والتأثيرات الاجتماعية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

١٤- محسن، حارث صاحب، ٢٠٠٧، دور وسائل الإعلام في التغيير القيمي في مرحلة الشباب، رسالة ماجستير، المعهد التقني ، الكوفة.

١٥- المخلفي، مها بنت رباح، ٢٠٢١، تفعيل دور قادة المدارس فى بناء تعزيز منضومةالقيم المدرسيةضوء النمازجالعالمية،اطروحة الدكتورا، كلية التربية،جامعة الملك السعود، الرياض.

١٦- هادي، امير علي، ٢٠٢٢، تأثير وسائل التواصل الاجتماعي على العلاقات الاجتماعية والقيم الثقافية، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة كربلاء.

١٧- على، محمد، 2000، مصطلحات في المناهج و طرق التدريس، ط2، عامر للطباعة والنشر، القاهرة، ص45.

١٨- العريشي، جبريل بن حسن، الدسوري، سلمى بنت عبدالرحمن، 2015، الشبكات الاجتماعية والقيم رؤية تحليلية، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ص23.

١٩- البلال، الهام سرور معزي، 2023، مستوي الحاجات النفسية و علاقته بالقيم الاجتماعية لدي معلمي المرحلة الأساسية في منطقة تبوك، رسالة منشورة في مجلة البحث في التربية و علم النفس، المجلد 38، العدد الأول، جامعة تنبوك، ص725.

٢٠- Dawley, Lisa,٢٠٠٩ , Social network knowledge construction emerging virtual world pedagogy, Boise State University, Idaho, USA.

٢١- Impact of Social Media on Social Values: A Comparative Analysis of the Users and Non-Users, Pak. Journal of Media Science, Journal of Media Science, Vol ٣, Issue ١.

٢٢- Kelsey, Todd, ٢٠١٠, Social Networking Spaces: From Facebook to Twitter and Everything In Between. New York: Apress.

**پاشکۆی(١) : پێوەری ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە**

| ژ | ناوی سیانی | بڕوانامە | نازناوی زانستی | کۆی بڕگەکان | بڕگە گونجاوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | آبراهیم سعید فتح الله | دکتۆرا | پرۆفیسۆر | ٨٣ | ٨٠ | ٩٦،٤ |
| ٢ | هێرش ڕسول موراد | دکتۆرا | پرۆفیسۆر | ٨٣ | ٧٦ | ٩١،٦ |
| ٣ | ڕێبەر گۆران مصطفی | دکتۆرا | پرۆفیسۆر | ٨٣ | ٧٨ | ٩٤ |
| ٤ | پەروین آبوبکر محمد | دکتۆرا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٨٣ | ٧٧ | ٩٢،٨ |
| ٥ | پەیمان عبدالقادر مجید | دکتۆرا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٨٣ | ٨٠ | ٩٦،٤ |
| ٦ | عبدالخالق آبراهیم مصطفی | دکتۆرا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٨٣ | ٧٣ | ٨٨ |
| ٧ | وریا ڕۆستم محمد | دکتۆرا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٨٣ | ٧٨ | ٩٤ |
| کۆی گشتی | | | | ٥٨١ | ٥٤٢ | ٩٣،٣ |

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة معرفة أبرز الآثار الناتجة على القيم الاجتماعية لدى الشباب في مدينة السليمانية أثر استخدامهم لشبكات التواصل الاجتماعي. تعد هذه الدراسة من نوع الدراسات الوصفية، وقد استخدمت فيها منهج المسح الميداني لعينة غير عشوائية قصدية بلغ عددهم (٣٠٠) شابًا، بالاعتماد على أداة استمارة الاستبيان من أجل الوصول إلى بيانات ومعلومات دقيقة تتعلق بتساؤلات الدراسة.

و توصلت الدراسة إلى مجموعة من الاستنتاجات، ومن أهمها: (يستخدم جزء كبير من شباب مدينة السليمانية شبكات التواصل الاجتماعي بمستوى عالٍ. تُعد قضايا الأسرة أكثر أهمية لدى الشباب من القضايا الاجتماعية الأخرى في هذه الشبكات. كما أن درجة انعكاس منصات التواصل الاجتماعي، فيسبوك، هي الأكثر انعكاسًا لدى عينة الدراسة. وأخيرًا، تباينت آراء عينة الدراسة حول استخدام شبكات التواصل الاجتماعي وتأثيرها على قيمهم الاجتماعية، إلا أن فقدان الثقة الاجتماعية جاء في المرتبة الأولى.)

**الكلمات المفتاحية: شبكات التواصل الاجتماعي، التأثير، القيم الاجتماعية، الشباب، السليمانية.**

**Abstract**

This study aims to identify the most significant effects of social media use on the social values of young people in Sulaimani. This descriptive study utilized a field survey methodology for a non-random, intentional sample of (٣٠٠) young people. The survey instrument was used to obtain accurate data and information related to the study's questions.

The study reached a number of conclusions, the most important of which are: (A large portion of young people in Sulaymaniyah use social media at a high level. Family issues are more important to young people than other social issues on these networks. Furthermore, the degree of influence of social media platforms, such as Facebook, was the most significant among the study sample. Finally, the study sample's opinions varied regarding the use of social media and its impact on their social values, but the loss of social trust ranked first).

**Keywords: Social Media, Impact, Social Values, Youth, Sulaimani.**

sjh@univsul.edu.iq